ناساندن

عەلی عەبدوڵڵاهی

# چاوگێڕانێک بە ژیان و بەرهەمی گۆنتەر گراسدا

و: جەلال وەلی

دوا ڕۆژەکانی مانگی ئەیلوول دەسکەوتێکی گەورەی بۆ ئەدەبیاتی ئەڵمانی زمان هێنا و ئەمە بۆ جیهان سەرسوڕهێنەر بوو. ئەم دەستکەوتە لەیەک ڕستەی کورتدا ڕاگەیاندرا: «گۆنتەر گراس خەڵاتی نۆبڵی بردەوە» ئەڵبەتە گۆنتەرگراسی حەفتاو یەک ساڵە. لە ئەڵمانیا و جیهاندا بەناوبانگ بوو، تەنانەت لە پەنجاکاندا، گەیشتبووە چڵەپۆپەی بەناوبانگی. «تەپڵی تەنەکە» شاکاری گراس لە ساڵی (١٩٥٩)ی زایینیدا بڵاوبووەوە. گراس لەو ساڵانەدا وەکو هەموو هاووڵاتیانی، لەو هەموو وێرانکارییەی کە لە دنیا کردبوویان هەستی بەشەرمەزاری دەکرد، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوە (ئۆسکار)ی



گۆنتەر گراس

(تەپڵی تەنەکە) خولْقاند تاکو سەرهەڵدان و گەشە و ڕووخانی نازیزم ونەزانین و کردەوە ناحەزەکانی ئاشکرا بکا. ئەم بەرهەمە مەزنە وێڕای داوای لێبووردنی ئەو لە هاووڵاتییەکانی بوو.

ناوەڕۆک و سەربردەی ئەم ڕۆمانە گەورە و سەرسوڕهێنەرە، وەک زمان، فۆرم، ناوەڕۆک، سەیر و سەمەرەیە. (ئۆسکار ماشەرات) مێردمنداڵێکە کە نەشونما و گەشەی لە سێ ساڵیدا ڕادەوەستێ و لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا لە نەخۆشخانەی دەروونیدا سەربردەی خۆی دەگێڕێتەوە. دنیای ئەو لە منداڵیدا، تەپڵێکە کە بەردەوام لە گەڵیدایە و بۆ هەرکوێ دەچێ لە تەپڵەکە دەدا و قەت لێی جیا نابێتەوە و نایەوێ پێ بنێتە ناو دنیای مرۆڤی گەورە و فریو و خۆشییەکانیان. لە دەنگی تەپڵەکەی ئەودا، نازیزم گەشە دەسێنێ مێردمنداڵان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و سەرئەنجام ئاگر لە گیانی ئەورووپا بەردەدا. لە تایبەتمەندییە سەیرەکانی ئۆسکار، دەنگی قیژەی ئەوە کە هەرکات بەرزدەبێتەوە هەموو شیشەکان دەشکێن و هەمووشت تێکدەچێ.

بەبڕوای داوەرانی ئەکادیمی «نۆبڵ» بە باشی بەمێژووی سەردەمدا چووەتەوە. ئەو شکست خواردووەکان و لەبیرکراوەکان دێنێتە بەرچاوی خوێنەر، ئەوانەی کە هەموو بە دڵنیاییەوە دەیانەوێ یادیان لەناوبەرن. ناشایستە نییە ئەگەر «تەپڵی تەنەکە» بەیەکێ لە بەرهەمە نەمرەکانی سەدەی بیست لە قەڵەم بدەین.

داوەرانی نۆبڵ پەنجەیان لەسەر خاڵە ورد و ناسکەکانی داناوە. بەڵام بۆچی دوای چەند دەیە. ئەڵبەت بۆ خۆیان وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانن. گۆنتەر گراس، لە ساڵی ١٩٣٧ی زایینی لە شاری «دانتسیک»ی لە هەستان (پۆلاند) لە دایک بووە، قۆناغی سەرەتایی و کۆتایی قوتابخانەی لە (کەنراد) تەواوکردووە و لەیەکەم ساڵەکانی شەڕدا بوو بەسەربازی هێزی ئاسمانی؟ کە بریندار بوو، پاشان بەدەستی بەرەی هاوپەیمان دیل کرا، ئەو لە درێژەی ژیانیدا بۆ دابینکردنی ژیان ڕووی کردۆتە، کاری کشتوکاڵ، کانگا کاری، بەرد تاشی، پەیکەرسازی و سەدان جۆر کاری دیکە لە ئەکادیمی هونەری دوسولدروف پەیکەرسازی و گرافیکی خوێندووە و پاشانیش ڕووی بۆ ئەم دوو هونەرە هێناوە.

گراس، نووسینی لە دەیەی پەنجاوە دەست پێ کرد. یەکەم بەرهەمی دیوانە شیعرێکە لە ژێر ناونیشانی «باڵندەکانی دەم با» و دوائیش «مامە، مامە» و «هێشتا تا بۆ ڤالۆکان دە دەقیقە ڕێگایە».

دوو کۆمەڵە شانۆنامەی زۆر بەهێزی دوای «باڵندەکانی دەم با» بڵاوبوەوە. لەساڵی ۱۹۵۹«تەپڵی تەنەکە»، هەبوونی بەهێزی گراسی لە ئاستی ئەدەبیاتی ئاڵماندا ڕاگەیاند. دووساڵ دواتر «مشک و کتک» و لە ساڵی ۱۹٦۳دا «ساڵە سەگییەکان»ی بڵاودەکاتەوە. ئەم سێ ڕۆمانە کە «سێیانەی دانتسیک»یان پێ دەڵێن، پێوەندی نزیکیان لەگەڵ هەیە و شوێنی ڕووداوی ڕووداوە «دانتسیک» زێد و ژینگەی گراسە. شانۆنامەکانی «لافاو» «چێشتلێنەرە نارەسەنەکان» و «خەڵک ڕاهێنانی شۆڕش دەکەن» لە دەورەی دووەمی شانۆنامە نووسینی گراسدا، درەوشاوەیەکی بەرچاویانی هەیە.

لە بەرهەمی دیکەی ئەو «دەفتەری بیرەوەرییەکانی شەیتانۆکەیەک»، «سفرە ماسی» و «دیدار لە تێلکەتە» و هێندێکی دیکە لە وتارە سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانە. دوایین بەرهەمی گراس لە ساڵی ۱۹۹۹دا ڕۆمانی «سەدەی من»ە کە هەموو ڕووداوە گرینگەکانی سەدەی ڕابردووی کردۆتە دەستمایەی کاری خۆی. لە خاڵە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم ڕۆمانە هەبوونی هەموو ڕووداوە گرینگەکانی جیهان لە دوو توێی داستانەکەدایە و سەیرتر ئەوەیە پیتەکانی ئەم کتێبە زۆر درشت، وەک کتێبی منداڵان چاپ کراون. گراس لە وتووێژێکدا لەگەڵ سەتەلایتی «دویچەویلە» هۆی ئەم کارەی وەبیرهێنانەوەی سەردەمی منداڵی خوێنەرانی لەقەڵەم دەدا. سەردەمێ کە کتێب و نووسینی گرنگتر لە ئەمڕۆ بوو و هەر خوێنەرێکی پیر و بەساڵاچووی ئیمڕۆ لەناو پیتە درشتەکانی کتێبدا بەدوای ونبوویەکدا دەگەڕا. گراس کەسیەتییەکی چەند لایەنەی هەیە. هەرچەند ڕۆماننووسێکی ناسراوە و زیاتر لە چواردە خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، کاری وێنەگەری و گرافیکیش دەکا و لە ئاتلیەکەی خۆیدا چەندان ساعەت وەختی خۆی لەگەڵ ڕەنگەکاندا بەسەردەبا. بەرچاوترین لایەنی کەسایەتی گراس، ڕوانگە ڕامیارییەکانی و ئامادەبوونی لە هەموو ڕووداوەکانی وڵاتی خۆی و جیهان و هەڵوێستی پێداگرانەی سەبارەت بەوانەیە. ئەو وەها نووسەرێک نەبووە و نییە کە لە دوورەوە دەستی بۆ ئاگر ڕادێرێ و خۆی بە خاوەن قەرزی هەمووان بزانێ. هەڵوێستەکانی بوونەتە هۆی ئەوە کە زۆر کەس و لایەنی ببنە دووژمن و زۆرکەس و لایەن خۆشیان بوێ.

بۆ خۆی لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا دەڵێ: «ئاخ! هایزیش بول - یادی بەخێر - ئەگەر زیندووبایە، لەم هەڵبژاردنە خۆشحاڵ دەبوو. من بەردەوام هەوڵم داوە درێژە بەڕێبازەکەی ئەو بدەم، نووسەر لە پاڵ ئەرکە ئەدەبییەکەی خۆیدا ئەو ئەرکەشی وە ئەستۆیە کە لە سیاسەتدا بەشداری بکات هیوادارم نووسەرە لاوەکانیش درێژە بەم ڕێگایە بدەن.»

ڕاست دەبێژێ، پەیڕەوی ڕێگاکەی (هـایزیش بول)ە، بەڵام هـەرگیـز وەکو ئەو نییـە، نە لە باری شێوازی  نووسینەوە، نە لەباری بەیانەوە و نە لە زمان.

گـراس لە نووسـەرانی پەیرەوی «ڕۆبیـرت مـوزیل»، «هـایزیش بول کـلاسـیت» و «تۆمـاس مـان»ە، بەڵام هـێندێ جار نووسـینەکانی لە هی ئـەوان  ڕەمـزاویتر و پڕ تەم و مـژتر دەبێ، چونکە دنیای ئەو مۆتەکە ئاسا و پڕ وەهم تر و «گرۆتک»ترە. زاڵبوونـی سـەرسوڕهێنەرانەی گراس بەسـەر زمانی ئـاڵمانی و مـێژووی ئاڵمـان و ئەورووپا، هـەروەها بەرفـراوانی و هـێزی خـەیاڵی کە دەبێـتە هۆی سـەرهـەڵدانـی خوازەی تـایبـەت بەخـۆی کاری ئەو لەگەڵ ئەوانیـتر جیادەکاتەوە و مۆرکی گراس بەسەر بەرهەمەکانیدا دەسەپێنێ. هەر بەم هۆیەش لە ئێراندا جگە «مشک و پشیلە» کە ساڵگارێکە نایابە و چەند کورتە چیرۆکی تر هیچ بەرهـەمێکی ئەو «بەفارسی» وەرنەگێڕدراوە.

گـراس لە شـاعـیـریشـدا ناوبانگی دەرکـردووە کـە ئـەڵبـەتە ناگـاتە ئـاسـتی لایـەنی نووسـەرییـەکـەی. بێگومـان شـیـعری ئەو ناتوانێ شان لە شـانی شـیـعری «پـول سـەلان»، «گـۆنتـەر ئایش»، «یووهـانس بو برۆسکی»، «پـتـر هـۆخل»، «هانس مـاگنۆس ئـەنتسـنر» ، «ئێریش فرید» بدات، بەڵام لەو ڕادەشدا نییـە کە چاوپۆشـی لێ بکرێ. شیـعرەکانی گراس قەبەو ڕەمزاوی و ویشکن. ئەو چ لە ڕۆمـانەکانیدا و چ لە شیعرەکانیدا لە دیاردە ناتەباکان کـە دەبنە هـۆی «گـرۆتک» کـەڵکێکی زۆر وەردەگـرێ و لەگـەڵ ئەدەبیـاتی گـوڵ، بولبـول، ؛ڕۆمـانـتـسـیـسـم و سـادەنووسـی نێوانی نییـە. هێندێ جار وشـەی پڕ تەمومژاوی گـرانی ئەدەبی لە پاڵ زمـانـی ڕۆژ، لەگـەڵ بڕگـەگـەلێ لە مـێـژووی سـەردەم و ڕابردوو دەکـاتە دەسـتـمایەی شـیـعری خـۆی و برێ جـار چەمکگەلێکی تایبـەتی لە قـاڵبی یاری و گـەمـەی نە زۆر چاکی زمـانـی کـە خـوێنـەر دەباتە قـووڵایی ڕوداوە شـاعـیـرانەکـان و کـارەسـات ڕادەگەیەنێ. بۆ نموونە لە شـیـعری «نورمـاندی»دا شـوێنەواری شـەڕ دەبینن. لە دارشـتنی وشە تایبـەتییەکان لە «گۆڕەپانی سـەردەم» شـاعیر وەک دەروازەبان ڕاوەسـتاوە. لە شـیعری «خۆراکی پێغەمبـەران» ڕووداوەکانی ئیمرۆشی وەک قاتوقڕی، داخستنی ڕۆژنامـەکان و ... لەگەڵ دیاردە کۆنەکاندا پێوەندی پەیدا دەکا. لە شـیـعری «گۆشـەنشین»دا پشیلـەکە لەو گـیانلەبـەرانەیە گراس خـۆشی دەوێ، دەست بە قـسـەکردن لەشـتی سـەیر و سـەمـەرە بۆ ئافراندنی بەرهەمی «گرتسک» کە هەم پێکەنیندارە و هـەم مووی خـوێنەر ڕاست دەکاتەوە. «ئانابل لی» ئاماژە دەکا بەشیعری لە «ئـەدگار ئالان پۆ» و نێوی دڵداری لە دەستـچووی ئەو کـە بەجێی ئەوەی بەدارەوە بێ وەک مـیوەیەک کـەوتۆتە زەوی. کـەڵک وەرگـرتنی گـراس لە

گـێلاس کـە بەگوتـەی ڕەخنەگرانـی ئاڵمانـی ڕەمـز و هێـمـای کچی پاکـیـزە لە ئەورووپای ڕۆژهـەڵاتـە و جـیـاوازی ئەو لەگـەڵ «ئانابـل لی» و بارێزەکـانـە. لە ڕاسـتـیـدا مـەبەسـتی نیشاندانی ناتەبایی دنیای حەقیقی و دنیای واقیعییە. ئانابل لی و میوە بارێزەکان ئەو خەونانەن ژێر پێ خراون و زایە بوونە کە ئێستا زایەبوونەکەیان واقیعییەتە، بەڵام دەستە کورتەکان و ئەو پەیژانەی کە هەرگیز باڵا ناکەن ناتوانن گێلاسەکان بڕنن. ئاڵۆزی جیهانی ئەمڕۆ لە ئانابل دا لایەنێکی نمادی پەیدا دەکا و لە «ئاڵای پولاند»دا ڕەمزێکی مێژوویی، مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێو کـە لە ئاڵای پولاند و ڕووداوەکانی سەردەمـدا بەڕەنگی سپی و سوور خۆی دەنوێنێ «چێوشەقەکانی ژێر باڵیش» لە «گێلاسەکان»دا نەبوونی پێی ڕاستەقینە بۆ پێوانی ڕێگەی عەشق ڕادەگەیەنێ ئەو پێیە چیوییانەی کە خاوەنەکەی دەبێ لە کەمپووت و بارێزە بۆ بەدیهێنانی خەونی گێلاسەکان کەڵک وەربگرێ. ئەم چەند شیعرە لە نێو سەدان شیعری گراس گوڵبژێر کراون.

**نورماندی**

**حەشارگەکانی ڕۆخی دەریا**

**ناتوانن لە بەڵای بتوونەکانیان ڕزگاربن**

**ناوبەناو ژەنەڕاڵێکی مردۆخ دێ**

**لە کونی دیدەوانییەوە سەردەکێشێ**

**یان «توریست»ەکان پێنج دەقیقە، بێزار...**

**لێرە دەمێننەوە.**

**با، زیخ، کاغەز، گمێز:**

**بەردەوام هێرشە.**

**گۆڕەپانی ئێوارە**

**بەهێواشێ**

**تۆپی فووتباڵ دەدرا**

**سەکۆکانی دیکە تەژی لە خەڵک بوون و**

**شاعیر، تاک و تەنیا.**

**لەناو دەروازەدا.**

**یارمەتیدەری داوەر لە فیتۆکەی تووڕاند:**
**ئافسایت.**

**خۆشبەختی**

**پاسێکی خاڵی**
**تووڕ دەدرێتە نێو شەوی بێ ئەستێرەوە**
**ڕەنگە لێخوڕ ئاواز بخوێنێ**
**لەوکاتەدا چەند خۆشبەختە.**

**گۆشەنشین**



**پشیلە دەپەیڤێ**
**چ دەبێژێ ئەم کتکە؟**
**تۆ دەبێ بەقەڵەمە نووک تیژەکەت**
**سێبەر بخەیتە سەر سیمای بووک و بەفر**
**ڕەنگی خۆڵەمێشیت خۆش گەرەک بێ**
**لە ژێر ئاسمانی هەوری دا بژیت**

**پشیلە دەپەیڤێ**
**چ دەبێژێ ئەم کتکە**
**دەبێ بەگەڵای ئێوارەت**
**وەکو سێوک خامە لەبەرکەی**
**هەمیشەی خوا، هەر ئەمە لەبەرکەی**
**قەتیش جل و بەرگت نەگۆڕی.**

**پشیلە دەپەیڤێ**
**چ دەبێژێ ئەم کتکە**

دەبی کەشتی شەڕانییەکانی دەریایی لەناوببەی
گێلاسەکان، گوڵە ئاگرین و خوێنی لووت و
ئەو ئالآیەش بسڕیتەوە
بەسەر شەمعدانیەکاندا، خۆڵەمێش بپژێنێ.
– تۆ دەبێ...
–کتکەکە وا دەڵێ–
تەنیا و تەنیا بەو کتک و جەرگ و دڵ؟
بەسیی ترش مەزە وبێ هەناسە
بەمیزی ورچیلە، بێ ئاو
بەدڵی ڕاوستاو و جەرگی پتەو
لەناو مەنجەڵە پتەوە خۆڵەمێشییەکەتدا
دەبێ لەگەڵ ئەمانەدا بژی.
لەسەر دیوارێک
کە پێشتر، وێنەیەکی کەسکی کاوێژ دەکرد
دەبێ بە قەڵەمەکەت بنووسی– گۆشەنشین
بنووسە – گۆشەنشینی
ئاوا دەڵێ پشیلە: بنووسە گۆشەنشین




**ئانابل لی**
کاتی ڕنینی گێلاسەکان
ئنبلیم ڕنی
دەمویست بۆ بارێزەکان بنوشتێمەوە
«ئانابل لی»ی ناسک
داکەوتوو پێشێل... ژێرسمی مێگەل
بڵاو... لەنێو شەورەکان... کێوی کون

چزووی مێشووله...

له ڕابردوودا،

هەرگیز نەمدەویست

دەست درێژکەم

چۆک دادەم

گێلاسەکان بڕنم

هەرگیز نەمدەویست

پشت کۆم کەیتەوە

بەرەو باڕێزەکان و...

ئانابل لی.



**گێلاسەکان**

کاتێ عەشق، بە دارشەقەکانی ژێربالێیەوە

لە ڕێگە زیخەڵانیەکدا، بە شەلەشەل دەڕوا و

خۆی بەدارەکان دەگەیەنێ

دەمەوێ گێلاسەکان،

لە گلاسەکاندا، وەک گێلاس بناسمەوە.

بەڵام ئیتر نامەوێ بەدەستە کورتەکانم و

ئەو پەیژانەی کە هەرگیز باڵا ناکەن

باڕێزە کۆکەمەوە و بە کەمپووت بژیم.

شیرین و شیرنتر... مەیلە و ڕەش

سوور، ئاوهایە خەونەکانی تووکا[١]

لێرە کێ، کێ ڕادەمووسێ

کاتێ عەشق

بەدار شەقەکانی ژێر باڵیەوە

(١) تووکا: نێوی باڵندەیەکە لە دارستانەکانی باکوری ئێران.

**خۆی بەدارەکان دەگەیەنێ**

**ئاڵای پۆلاند**
**لەم خوێنە،**
**گێلاسی ناتەبای زۆر ئاشکرا دەبێ و**
**پاکانەی جێ نوێن دەکا بۆ ڕووکەشی دۆشەکە.**
**یەکەم سەهۆڵبەندان دەژمێرێ،**
**گیا ڕیشەدارەکان و**
**زەلکاوە کوێرەکان و**
**هەروەها ئەو پیاوانەی هەتا نێوقەد لە دووکەڵپێچراو.**
**ڕۆژەکان، دەتوێنەوە... و سێوەکانی سەرسەبەتە**
**ئازادی کە ڕەق هەڵات... ئەوەتا**
**لە نێو کوانوودا دەسووتێ.**
**لە بەفری لە چکەکاندا**
**کاتی جێژن**
**دڵی «پلیسەودسکیس»(١)**
**پێنجەمین سمی ئەسپ**
**لە «دیواری» عەمباری کوتا**
**هەتا ئەستێرەی خۆرهەڵات هەڵکشا.**
**ئاڵا، لە خوێن دەگەوزێ، بێ وێنە**
**ئاوەها زستان هات**
**شوێن هەنگاوەکانی**
**لە پشت سەری گورگەکانی وارشۆ**
**دەبیننەوە**



سەرچاوە: گۆڤاری دنیای سخن، شمارە (٤٥)دی ماە (١٣٧٥)ص ٣٠-٣٦٠

(١) پلیسەودسکیس، سیاسەتمەداری بەناوبانگی پۆلاند.